**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بەناوی گەلەوە**

بەپێی برگـەی (1، 5) لـەماددەی (10)ی یاسـای ژمـارە (1) سـاڵی 1992ی هـەموارکراو و لەسـەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردسـتان ـ عێـراق لەدانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (19) لـە 2009/6/16، ئـەم یاسایەی دەرچواند:

# یاسای ژمارە ( 8 ) ی ساڵی 2009
# یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
# بۆ ساڵی 2009

**ماددەی یەکەم:**

بۆ خەرجییەکانی ساڵی دارایی 2009 گوژمەی (8,857,263) تەنها هەشت ترلیۆن و هەشت سەد و پـەنجا و حەوت ملیار ودووسەد وشەست وسێ ملیۆن دینار دادەنرێ و بەم جۆرە دابەش دەکرێ:

**یەکەم:** گوژمەی (2,303,338) تەنها دوو ترلیۆن وسێ سەد وسێ ملیار وسێ سەد و سی هەشـت ملیـۆن دینار بۆ خەرجییەکانی پڕۆژە سەرمایە داراییەکان.

**دووەم:** گوژمەی (6,553,925) تەنها شەش ترلیۆن وپێنج سەد وپەنجا وسێ ملیار ونۆ سەد وبیست وپێـنج ملیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی بەکارخست.

**ماددەی دووەم:**

داهاتەکانی بودجەی ساڵی دارایی 2009، لەسەر جەم خەرجییەکانی بودجەی فیـدراڵی بـە (8,857,263) تـەنها هەشـت ترلیـۆن وهەشـت سـەد وپـەنجا وحـەوت مليـار ودوو سـەد وشەسـت وسـێ مليـۆن دينـار دەخەملێندرێ.

**ماددەی سێیەم:**

ئەگەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کورتی هێنا، دەسەلآت بەوەزیری دارایی دەدرێ بەهـەمان ئـەو رێژەیەی کە کورتی هێناوە گوژمەی سەرجەمی بودجە کەم بکاتەوە.

**ماددەی چوارەم:**

خـەرجکردن لـەپشـتیوانەی حیسـاباتە سـەرەکییەکان ((بەخشـین، بـاربوو (اعانـات)، خەرجییـەکانی پـرۆژە سەرمایەداراییەکان)) لـەبودجەی گشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها بەدەست وەزارەتی داراییەوە دەبێ و وەزیری دارایی بۆی هەیە دەسەلآت بە وەزیر و سەرۆکی ئەو لایەنانە بدات کە بەوەزارەتەوە پەیوەست نـین راستەوخۆ خەرج لـەسەر هەندێ ئاستی سەرەکی ژمێریاری بکەن.

**ماددەی پێنجەم:**

1- وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، پارەی حیساباتی وەزارەتـەکان و فەرمانگـەکان بەپێی ئەو داهاتە داراییەی بەردەست دابین دەکات.

2- داهاتی شارەوانییەکان دەخرێتە سەر بودجەی تایبەتییان وەزارەتی دارایی چاودێری ئەم داهاتانە و چۆنیەتی خەرج کردنیان دەکات.

**ماددەی شەشەم:**

سەرۆکی پەرلـەمانی کوردستان ـ عێراق بۆی هەیە گویزانەوە لـەناو بودجەی تایبەت بەپەرلـەمان بکات.

**ماددەی حەوتەم:**

سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی بۆی هەیە گوێزانەوە لـەناو بودجەی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەری بکات.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** دەسەڵات بەوەزیری دارایی دەدرێت گوێزانەوە لـەنێوان پارە تەرخانکراوەکانی یەك دەروازەدا بکـات، جگە لـە بەشی مووچەکان کە دەشیٚ بۆی بگوازرێتەوە و نابیٚ لـێی بگوێزرێتەوە.

**دووەم:** وەزیری دارایی بۆی هەیە گوێزانەوە لـەنێو پشتیوانەی دەروازەکانی بودجەدا بکات بۆ مەبەستی دابـین کردنی توانای خەرج کردنی ئەو فەرمانگانــەی کـەبڕیاری لـێـك ترازنیـان لــەوەزارەتێك و پەیوەسـت کردنیان بەوەزارەتێکی تر دەدریٚ و وەزیری پسپۆڕیش بۆی هەیە گوێزانەوە لـەچوارچـێوەی یـەك بـەش ویەك یەکەی خەرج کردندا بکات.

**سێیەم:** ناشیٚ گوێزانەوە لـەنێو تەرخان کراوەکانی گەشەسەندنی نێوان پارێزگاکاندا بکریٚ.

**ماددەی نۆیەم:**

وەزارەت و فەرمانگەکانی دەوڵەت هەموو حیساباتی مانگانەیان ((بودجـەی پێداچـوونە ـ مـوازین المراجعـة)) لـەماوەیەك پێشکەش بەوەزارەتی دارایی ـ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریای دەکەن کە لــە (10) ڕۆژ لــەدوای کۆتـایی هەر مانگێك تێپەڕ نەکات.

**ماددەی دەیەم:**

دەسەڵات بەوەزیری دارایـی دەدرێـت پـارەی تـەرخان کـراوی گشـتی پەسـندکراو کـە لـەبودجـەی سـاڵی دارایی/2009 دا بەڕێـژەی (1٪) بخاتـە سـەر پـارەی تـەرخانکراوی گشـتی پەسـندکراوی بودجـە بـۆ ئـەم مەبەستانەی خوارەوە:

**یەکەم:** تەرخان کردنی گوژمە پارەی پێویست بۆ بودجەکانی فەرمانگە لـەنویٚ دامەزراوەکان لــەماوەی سـاڵی دارایی/ 2009 دا.

**دووەم:** تەرخان کراوی نـوێ بخاتـە سـەر بودجـەی وەزارەت و فەرمانگـەکان بـۆ حاڵەتـە ناکاوییـەکان کـە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**ماددەی یازدەم:**

وەزارەتی دارایی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکـەدا وردەکـاری میلاکـەکانی هـەموو وەزارەتـەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق بۆ ساڵی دارایی /2009 ڕێك دەخات و پەسندی دەکات لەبەر ڕۆشنایی پـارەی تێچووی مووچەکان کە لەبودجەدا پەسندکراون و لەسەر وەزارەتی داراییشە بەهەماهەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی پلاندانان پێش کۆتایی هاتن بە ساڵی دارایی/ 2009 ڕاپۆرتێکی دووروودرێژ لەسەر ئەمە پێشکەش بەپەرلـەمان بکات.

**ماددەی دوازدەم:**

هیچ لایەنێکی حکومی بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوەش بۆی نییـە پـرۆژەی تایبـەتی لەبودجـەی خۆیـدا جێبەجێ بکات.

**ماددەی سیازدەم:**

**یەکەم:** وەزیری پەیوەندیدار دەسەلاتی خەرج کردنی گوژمەیەکی هەیە کە لە (250) دوو سەد وپەنجا ملیـۆن دینار زیاتر نەبێ بۆ هەر حاڵەتێك و بـۆی هەیـە دەسـەلات بەسـەرۆکی ئـەو فەرمانگانـە بـدات کەسـەر بەوەزارەتەکەیەتی گوژمەیەك خەرج بکەن کە لە (100) سەد ملیۆن دینار زیاتر نەبێ.

**دووەم:** سەرۆکی ئەو فەرمانگانەی کەبەوەزارەتەوە نەلکاون، دەسەلاتی خەرج کردنی گوژمەیەکیان هەیە کـە لە (150) سەد وپەنجا ملیۆن دینار زیاتر نـەبێ بـۆ هـەر حاڵـەتێك لەگـەڵ ڕەچـاوکردنی ئەمانـەی خوارەوە:

1- خەرج کردن بەپێی پشتیوانی پەسندکراو لەبودجەی ساڵانە و بۆ ئەو مەبەستانەی بۆی دیاری کراوە دەبێ.

2- خۆبەستنەوە بەو پشتیوانە تەرخانکراوانەی بودجە و نەچوونە ناو هیچ ئیلتیزامێك بەخەرج کـردن لـەوەی زیاتر بێ کە لە بودجە تەرخان کراوە.

**ماددەی چواردەم:**

وەزیری دارایی بۆی هەیە تەرخانکراوی پـارەی داهـاتی مانگانـە، ئـەوەی وەزارەتـی تەندروسـتی بـۆ هـەموو فەرمانگەکانی وە دی دەهێنێ بخاتـە سـەر بودجـەی وەزارەتـی تەندروسـتی بـۆ مەبەسـتی کڕینـی داودەرمـان وهەڵسوڕانی خەرجییەکانی چاکردنەوە بەهەموو جۆرەکانییەوە و بەگوێرەی داخوازی وەزارەتـی تەندروسـتی، خشتەی داهاتە وەدەستهاتووە فیعلییەکانیشی لەگەڵ بدات.

**ماددەی پازدەم:**

پارەی پێ بەخشین (تبرعات) بەوەزارەت و لایەنە نەلکاوەکان بەوەزارەت پاش پەسندکردنی لەلایەن وەزیـری داراییەوە بەداهاتی کۆتایی بۆ خەزینە تۆمار دەکرێ، بەمەرجێ وەزیری دارایی لەپشتیوانەی وەزارەت یا لایەنی نەلکاو بە وەزارەت بۆ خەرج کردن لەسەر ئەو مەبەستانەی کە لەپێناویدا بەخشێنراوە تەرخانی بکات.

**ماددەی شازدەم:**

دامەزراندن بەهەموو گرێبەستێك رادەگیرێ مەگەر بەرەزامەندی وەزیری دارایی بێ.

**ماددەی حەڤدەم:**

پاداشتی فەرمانبەران سالآنە بۆ تەنها کەسێك و لەچوارچێوەی تـەرخان کـراوە برِیـار لێـدراوەکانی بودجـەی تایبەت لەسێ ملیۆن دینار تێناپەرِێت و بەپێی ئەو رێنمایانە دەبێ کە وەزارەتی دارایی دەریان دەکات.

**ماددەی هەژدەم:**

پاش جێبەجێ کردنی ئەم یاسـایە ئەگـەر سـەرۆکی فەرمانگـەی یەکـەی خـەرج کـردن لەپێشـکەش کردنـی ژمێریاری کۆتایی (الحسابات الختامية) بۆ سالّی/2009 دوا کەوت بەپێی رێکارە یاسایی و رێنماییـە جێبـەجێ کراوەکان رەوانەی لێکۆلّینەوە دەکرێ.

**ماددەی نۆزدەم:**

ئەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستیان لەگەلّ حکومـەتی هـەرێم و دامودەزگاکـانی لەسـەر پرِۆژەکـانی بەرنامـەی وەبەرهێنان (المنهاج الاستثماري) مۆر کردووە لەهەموو ئەو باج و رِەسمانە بـەرەسمی پوولیشـەوە دەبـوردرێن کە لەهەرێم لەئەنجامی ئەو کارانە و لەچوارچێوەی گرێبەستەکە کەوتۆتە سەریان.

**ماددەی بیستەم:**

کەمکردنـەوەی تـەرخان کـراوی سـوودە کۆمەلآیەتییـەکانی بەرِێـژەی لەسـەرۆکایەتی هـەرێم و پەرلـەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران(20٪).

**ماددەی بیست و یەکەم:**

وەزارەتی دارایی لەدابین کردنی پێشـینەی (سـلفە) خانووبـەرە بـۆ هاوولآتیـان بـەپێی مـەرج و رێنماییـەکان بەردەوام دەبێ.

**ماددەی بیست و دووەم:**

کار بەهیچ بریارێك ناکرێ پێچەوانەی ئەم یاسایە بێ و خەزینەش هیچ گرانییەکی دارایی ئـەم برِیـارە لەئەسـتۆ ناگرێ هەتا شەرعیەتی یاسایی وەرنەگرێ و پەرلەمان پەسندی نەکات.

**ماددەی بیست و سێیەم:**

دەبێ وەزارەتی داراییە راپۆرتی خولـەکی (دوری) هەر شەش مانگ جارێك لەسەر بـارودۆخی دارایـی هـەرێم پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان ـ عێراق بکات.

**ماددەی بیست و چوارەم:**

پێویستە لەسەر وەزیری دارایی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی بیست و شەشەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بلاو دەکرێتەوە و لە 2009/1/1)ەوە جێبەجێ دەکرێ.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

---

تێبینی/ ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە 17ی سالی 2009 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.